وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێشبینی باران بارین لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکات

بەشی کەش و هەوا لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان، پێشبینی 24 کاتژمێری داهاتووی باوکردەوە، کە ئاماژە بە باران بارین دەکات لە هەندێک ناوچەدا.

لە باوکراوەی بەشی کێشوەوای وەزارەتی گواستنەوە ئەمڕ شەممە (20ـی نیسانی 2024) هاتووە، سبەی یەکشەممە، ئاسمان نیمچەهەور و هەوری تەواو دەبێت و لە هەندەکات و شوێن نمبارانی پچڕ پچڕ دەبێت، هەندێک جاریش تاوە باران و هەورەتریشقەی لێدەدا دەبێت، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچەکانی دژهەڵاتی هەرێم.

ئاماژە بەوەشکراوە، پلەکانی گەرما 5-3 پلەی سیلیزی بەراورد بە تەمارکراوی ئەمڕ نزم دەبنەوە، هەروەها خێرایی با ماماوەند دەبێت بە 20-10 کم/ک ئاراستەی با لە باکووری خۆرئاوا دەبێت و بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی بەمشێوەیە دەبێ: هەولێر 28 پلەی سیلیزی و سلێمانی 25 پلە، دهۆک و زاخۆ 26 پلە، کەرکوک 29 هەڵبجە 27 پلە، سەران 24 و لە حاجی ئۆمەران 16 پلەی سیلیزی دەبێت.